کارتە بەهای دەبێتە 0. (ناتوانرێت هیچ مانگایەک دابنرێت پاش ئەو مانگایەی کە بەهاکەی 0ـە!)

*مانگای لاواز ح)* ئەو یاریکەرەی کە ئەم کارتەی زێدە کردووە بە گاڕانەکە لە کۆتایی نۆرەی خۆیدا هیچ کارتێکی نوێ هەڵناگرێت.

*مانگای شیری خ)* ئەو یاریکەرەی کە ئەم کارتەی زێدە کردووە بە گاڕانەکە لە جیاتی 1 کارت دوو کارتی نوێ هەڵدەگرێت.

*مانگای شێت چ)* لە جێگەی 8 مانگا ئەم مانگایە دابنە و ئەو 8 مانگا بخە سەر ئەوانەی نێو دەست. هیچ کارتێکی دیکە لە سەر میزەکە هەڵمەگرە. لەو ماوەی کە مانگایەکی شێت لە نێو گاڕانەکە دایە، یاریکەران تەنیا دەتوانن ئەو مانگایانە بخەنە نێو گاڕانەکە کە مێشیان هەیە.

**تێبینی !** ئاژەڵدارێک کە کارتێکی تایبەت بە 5 مێشەوە لە پاکەتی زەرد دادەنێت، ئەگەر بیەوێت دەتوانێت دیاریی بکات کە یاریکەری دوای ئەو کێ بێت. یارییەکە ئاساییانە بە نۆرەی ئەو کەسە درێژەی پێ ئەدرێت.

## گاڕانەکە بهێنەوە بۆ نێو گەوڕەکە

ئاژەڵدارێک کە ناتوانێت یان نایەوێت مانگایەک بە خەتەکە زێدە بکات، هەموو کارتەکانی نێو گاڕانەکە هەڵدەگرێت وە بە دەما دەینێتە نێو گەوڕی مانگاکان... پاشان ئەو گاڕانێکی نوێ دروست دەکات. لە کۆتایی یارییەکە دا هەر مێشێک کە لە نێو گەوڕەکە دا بێت دەبێتە خاڵێکی نێگەتیڤ.

## کۆتایی خول و کۆتایی یاریی

پاش هەڵگیرانی دوایین مانگا لە سەر میزەکە، یارییەکە درێژەی دەبێت هەتا کاتێک کە ئاژەڵدارێک دوایین گاڕان هەڵدەگرێت. پاشان ئاژەڵدارەکان هەموو ئەو مانگایانەی کە لە سەر دەستیان ماوەتەوە دەخەنە نێو گەوڕەکەی خۆیان. ئینجا کۆی مێشەکانی نێو گەوڕەکەیان حساب دەکەن و دەیخەنە سەر ڕیزی خاڵەکانیان. یاریی **ماو** چەند خولی لەسەریەک ئەنجام ئەدرێت: هەرکات کە لە کۆتایی خولەکە دا کۆی مێشەکانی ئاژەڵدارێک بگاتە 100 دانە، یارییەکە کۆتایی پێ دێت. براوەی یارییەکە کەسێکە کە کەمترین مێشی هەبێت. زۆربەی کات دەبیستین کە کەسی دۆڕاو وەکوو نیشانەی ناڕەحەتی و شەرمەزاریی دەنگی مانگا دەردێنێت!

## یاریی شان بە شان بۆ 2 ئاژەڵدار (پاکەتی سەوز بە کار بهێنە)

*(وێنەی IV/)* ئەم یارییە بە سێ گاڕانی جیا دەکرێت، کە بە شێوەی ئەستێرە دادەنرێن. دەتوانی بۆ ئاسانیی یارییەکە کارتەکان لەسەر یەک دابنێیت. لە سەرەتای هەر خول دا، تیر بە ئاراستەی کاتژمێر دا دادەنرێت. یەکەم ئاژەڵدار گاڕانێک دەست پێدەکات. پاشان ئاژەڵداری دووهەم گاڕانی دووهەم دەست پێدەکات. دواتر ئاژەڵداری یەکەم گاڕانی سێیەم دروست دەکات. پاشان ئاژەڵداری دووهەم بە گاڕانی یەکەم یان هتد درێژە ئەدات. بەم جۆرە سێ گاڕان لە سەر میزەکە هەیە کە پلەپلە تەواو دەکرێن. کاتێک کە ئاژەڵدارێک ناتوانێت یان نایەوێت مانگایەک زیاد بکات بە خەتەکە، گاڕانەکەی هەڵدەگرێت و گاڕانێکی نوێ لە جێگەی ئەو دروست دەکات بێ ئەوەی کاریگەر بێت لە سەر دوو گاڕانەکی تر. کاتێک کە میزەکە هیچ کارتی لە سەر نامێنێت و یەکێک لە ئاژەڵداران یەکێک لە سێ گاڕانەکە هەڵدەگرێت، خولەکە کۆتایی پێدێت. هیچیەک لەم دوو ئاژەڵدارە خاڵەکانی ئەو دوو گاڕانەی کە ماوەتەوە کۆ ناکاتەوە.

**سپاس:** ئێمە دەمانەوێت لێرەدا سپاسی هەموو مانگاکانی جیهان بکەین، چونکا ئەگەر ئەوان نەبوونایە ئەم یارییەش نەدەبوو. هاریکانگەیمز دەستەبەری دەکات کە لە کاتی دروستکردنی ئەم یارییەدا هیچ مانگایەک زیانی پێ نەگەیشتووە یان لەگەڵی خراپ ڕەفتار نەکراوە.

**وەرگێڕان:** ئایا تۆ بە زمانێک قسە دەکەیت یان دەنووسیت کە لە نێو نامیلکەی ڕێساکان دا نییە؟ ئەگەر وایە، کاتت بە فیڕۆ مەدە: ڕێساکانی ماو وەربگێڕەوە و بینێرە بۆ mow@hurricangames.com تا ئێمە لە سەر ماڵپەڕەکەمان بڵاوی بکەینەوە!

KU

## ماو (MOW)

یاریەک لە برونۆ کاسالا بۆ 2 تا 10 ئاژەڵداری تەمەن 7 تا 77777 ساڵان (لانی کەم)

**کورتە**
یاریکەران ئاژەڵدارن. ئەوان مانگاکان کۆ دەکەنەوە و دەیانکەن بە چەند گاڕان کە ئامادەن بۆ هاوردنەوە بۆ ناو گەوڕی مانگاکان. بەڵام مێش دوری هەندێک لەوان ئەدەن، وە بەڕاستی هیچکەس نایەوێت نزیکی ئەوان بێت ...

**ئامانج**
ئەوەی کە لە کۆتایی یاریەکە دا کەمترین ژمارەی مێش لە نێو گەوڕی مانگاکانی ئێوەدا بێت.

**هەرکام لە پاکەتەکان 48 کارتی مانگای تێداتە** بە سەرجەم 74 مێشەوە. *وێنەکانی I و V*

15 مانگا، کە ژمارەی 1 تا 15یان لێ دراوە، بێ مێشن / 13 مانگا، کە ژمارەی 2 تا 14یان لێ دراوە، هەریەکیان 1 مێشی هەیە / 11 مانگا، کە ژمارەی 3 تا 13یان لێ دراوە، هەریەکیان 2 مێشی هەیە / سێ مانگا کە ژمارەی 7، 8 و 9یان لێ دراوە، هەریەکیان سێ مێشی هەیە / 6 مانگای تایبەتی زۆر بەهێز... بە پێنج مێشەوە! / 1 کارتی تیر (ARROW) کە ئاراستەی یاریەکە نیشان ئەدات / 4 کارتی وێنە (پاکەتی سەوز I تا IV – پاکەتی زەرد V تا VII).

**چۆنیەتی یاریکردن**
ئەگەر ژمارەی یاریکەران 3 تا 5 کەسە، ئەوا پاکەتی سەوز بەکار بهێنە.
ئەگەر ژمارەی یاریزانان 6 تا 10 کەسە، هەردوو پاکەتەکە بە کار بهێنە. لە هەردوو حاڵەت دا، کارتەکان بە باشی تێکەڵ بکە.

هەرکام لە ئاژەڵداران بە پێنج کارتی مانگا کار دەکات. پاشماوەی کارتەکان بە دەما لە ناوەڕاستی میزەکە دادەنرێن. ئەو ئاژەڵدارەی کە یارییەکە دەست پێ دەکات کارتی تیر لە پێشی خۆ دادەنێت وە نووکی تیرەکە ڕوو دەکاتە ئەو کەسەی کە تەنیشتی چەپیەوە دانیشتووە. ئەو یەکەم کارت لە دەستی خۆی دەنێتە ناوەڕاستی میزەکە و کارتێکی نوێ لە سەر میزەکە هەڵدەگرێت. ئینجا هەرکام لە ئاژەڵداران بە نۆرەی خۆی مانگایەک زێدە دەکات بە ژمارەیەکی زیاتر یان کەمتر لەو ژمارەی ئەو کارتانەی کە داخراوەتە سەر میزەکە و پاشان کارتێکی نوێ هەڵدەگرێت.

*لە وێنەی II دا، تۆ دەتوانی مانگایەک بە ژمارەی کەمتر لە 7 یان زیاتر لە 11 زیاد بکەیت.*

*مانگا تایبەتەکان: وێنەی III مانگا تایبەتەکانی نێو پاکەتی سەوز نیشان ئەدات کە پێنج مێشیان هەیە.*

*<u>مانگای ڕێگر</u> ئا)* بە دانانی ئەم مانگا یەکێک لە سەرەکانی خەتەکە دادەخەیت.
*<u>مانگای ئاکرۆباتیک</u> ب)* ئەم مانگا بدە لە مانگایەکی دیکە کە هەمان ژمارەی هەیە. تۆ ناتوانیت ئەم کارتە دابنیت مەگەر ئەوەی کە مانگای پێویست بەشێک بێت لە گاڕانەکە وە هەمان ژمارەی هەبێت (7 یان 9)
*<u>مانگای تەمبەڵ</u> پ)* ئەم مانگا لە جێگەی ئەو ژمارە دابنە کە لە نێو خەتەکە دا نییە. بۆ نموونە، ئەم مانگا دەتوانێت جێگەی ژمارەی 6، 7 یان 8 لە نێوان 5 و 9 دا بگرێتەوە.

**تێبینی!** ئەو ئاژەڵدارەی کە کارتی مانگایەکی تایبەت بە پێنج مێشەوە لە پاکەتی سەوز دادەنێت، ئەگەر بیەوێت دەتوانێت ئاراستەی یارییەکە بگۆڕێت. لەم حاڵەتەدا، ئەو کارتی تیر دەگرێت، وە بە دڵی خۆی بەرەو ڕاست یان چەپ دایدەنێت. یاریەکە درێژەی دەبێت لەو ئاراستە دا کە تیرەکە نیشانی ئەدات.

مانگا تایبەتەکان: وێنەکانی VI و VII مانگا تایبەتەکانی نێو پاکەتی زەرد نیشان ئەدات کە 5 مێشیان پێوەیە.

*<u>مانگای ڕێگر</u> ت)* بە دانانی ئەم کارتە یەکێک لە سەرەکانی خەتەکە دابخە.
*<u>گوێرەکە</u> ج)* ئەم کارتە لە کۆتایی خەت، لە پاڵی مانگایەک دابنە کە هیچ مێشی پێوە نەبێت (واتە، کارتێک کە زمینەکەی سەوزە). بەهای ئەم کارتە یەک دانە کەمتر یان زیاترە لە ئەو مانگایەی کە ئەم لەدوای دانراوە. ئەگەر لە دوای کارتی 1 دابنرێت، ئەم